پەرلەمانی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان
لیژنەی کاروباری یاسایی

برلمان كوردستان - العراق
رئاسة الديوان
مديرية شؤون البرلمان و اللجان
لجنة الشؤون القانونية

Kurdistan Parliament – Iraq

ژمارە: ٥٨
ڕێکەوت: ٢٢ / ٦ / ٢٠٢١

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت / ڕاپۆرتی لیژنە**

هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی (**کاروباری یاسایی**) سەبارەت بە ڕەزامەندبون لەسەر خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازە یاسای (**هەمواری یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان عێراق ژمارە/٣ی ساڵی ١٩٩٩**) ، کە لە هاوپێچ ئاماژەی پێکراوە بۆتان ڕەوانە دەکەین.

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان
لەبەردەمی ڕاو فەرمانی بەڕێزتانە لە بارەی ڕاپ لیژنەی یاسایی.
لەگەڵ ڕێزدا
٢٠٢١/٦/٢٢

بژار کۆچەر
سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی

ژمارە:
ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیژنەی ( کاروباری یاسایی ) ڕۆژی (سێ شەممە) ڕێکەوتی ( ٢٢/٦/٢٠٢١) کاتژمێر (٢:٠٠)ی نیوەڕۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی ئەم پێشنیازە یاساییەی خوارەوە ، دوای گفتوگۆکردن ، لیژنەی یاسایی گەیشتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

**<u>بەپێی حوکمی ماددەی (٧٩/بڕگەی دووەم/ خاڵی١ ) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ،لاریمان نییە ئەم پێشنیازە یاسایە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی یەکەم :</u>**

پێشنیازە یاسای (**هەمواری یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان عێراق ژمارە/٣ی ساڵی ١٩٩٩**).

- **تێبینی// بەپێی ماددە (٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزتان ئەو دەسەڵاتتان هەیە کە بەدەر لە (مانگی یەکەمی وەرزی یاسادانان)، پێشنیازە یاسایەك یان بڕیارێك بخەنە ناو بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان ، و بڕیار بڕیاری بەڕێزتانە.**

**لیژنەی یاسایی**

ڕووپاك احمد رحمان رسول
ئەندام

كاوە عبدالقادر حسن علی
ئەندام

سارا دڵشاد بکر مولود
ئەندام

ڕوبینە اویملك عزیز مملوك
ئەندام

ڕۆژان ابراهیم علی سلیڤانەی
ئەندام

خدیجە عمر طە محمود
ئەندام

سلام عبداللە حسن
ئەندام

ڕۆژان محمد كریم عیسا
ئەندام

جلال محمد امین احمد
بڕیاردەر

عباس فتاح صاڵح فتاح
جێگری سەرۆك

بژار كۆچەر
سەرۆكی لیژنەیی كاروباری یاسایی

ژمارە: ل ک/ ١٧٠٧
ڕێکەوت: ٦/١٦/ ٢٠٢١

**بۆ/ لیژنەی کاروباری یاسایی**

**بابەت/ پێشنیازە یاسا**

بە پێی حوکمی مادده/٧٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی پێشنیازە یاسای (هەمواری یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە/٣ی ساڵی ١٩٩٩)، کە لەلایەن (ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان)ەوە پێشکەش کراوە، ئاراستەتان دەکەین، بە مەبەستی دیراسەت کردن و دەربڕینی ڕاتان لە بارەیەوە بۆ ئامادەکردن و دانانی لە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی یەکەم.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**د.هێمن هەورامی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان / کاروباری لیژنەکان.

Berivan /15/6/2021

**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**برلمان كوردستان - العراق**

Kurdistan Parliament – Iraq

بەرێز لیژنەی یاسایی
٦/١٤

## بەڕێز /سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## بابەت/ پێشنیازە یاسا

پاڵپشت بە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی ٧٨ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە واژۆمانکردووە، داوا دەکەین پێشنیازی یاسای هەمواری (یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩)، بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان.

| ژ | ناوی ئەندامانی پەرلەمان | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | هدية مراد حيدر | [signature] |
| ٢ | زانا مولا خالد | [signature] |
| ٣ | رزگار سیاسوار | [signature] |
| ٤ | سروان هرکی | [signature] |
| ٥ | بهمن کاک عبدالله احمد | [signature] |
| ٦ | شوان زراری | [signature] |
| ٧ | بختیار شاوی | [signature] |
| ٨ | سعید مصطفی هرکی | [signature] |
| ٩ | ملا إحسان ریکانی | [signature] |
| ١٠ | شیرین آغا عمر گەردی | [signature] |
| ١١ | پێشەوا طاهر احمد وراتانی | [signature] |
| ١٢ | أرشد حسين لولانی | [signature] |

| ژمارە | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١٣- | بهجت علي ابراهيم | |
| ١٤- | شادی نەوزاد وهاب | |
| ١٥- | گولستان سعيد محمد | |
| ١٦- | بەلێن اسماعیل حاجی | |
| ١٧- | جلال محمد امين | |
| ١٨- | ليزا فلك الدين صابر | |
| ١٩ | محمد سعدالله شلال | |
| ٢٠- | سارا دلشاد بكر مولود چليك | |
| ٢١- | روبينا اوديلك كززير | |
| ٢٢- | كلارا عوديشو يعقوب | |
| ٢٣- | روميو هكاري | |
| ٢٤- | جنان جبار بولا | |
| ٢٥ | فريد يعقوب ايليا | |
| ٢٦ | ڤاهيك كمال | |
| ٢٧ | هيداد صباح بلال | |
| ٢٨ | ئازاد اكرم بهرام | |
| ٢٩ | عبدالسلام عبدالله دولەمەری | |
| ٣٠ | هەرم اسكندر هەرم اسكندر | |
| ٣١ | گوليزار رشيد سندي | |
| ٣٢ | هيڤيدار احمد | |
| ٣٣ | خديجة عمر عزوزي | |
| ٣٤ | حسيبة سعيد گەردی | |
| ٣٥ | ويس سعيد ويس | |
| ٣٦ | جوان يونس رۆژبەیانی | |
| ٣٧ | رۆژان سليڤانەيی | |

| ژمارە | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ٣٨ | ملا جهاد دوسکی | |
| ٣٩ | سوسن فینائیل | |
| ٤٠ | جلال پەریشان | |
| ٤١ | گولستان باقی نصیلی | |
| ٤٢ | دکتورە گلاویژ سیان | |
| ٤٣ | د. زیدان برادوستی | |
| ٤٤ | لەنجە دزەیی | |
| ٤٥ | نزار کوچەر | |
| ٤٦ | صباح محمود زیباری | |
| ٤٧ | نجاة شعبان | |
| ٤٨ | [illegible] | |
| ٤٩ | کاروان گزنەیی | |
| ٥٠ | جمال [illegible] هەرکی | |
| ٥١ | فیصل عباس | |
| ٥٢ | چیا حمید شریف | |
| ٥٣ | ڕێبوار بابکەیی | |
| ٥٤ | ادریس اسماعیل عبولە | |
| ٥٥ | لیلی عبد الجبار | |
| ٥٦ | ڕەشیدی هەروری | |
| ٥٧ | نزار هەریری | |
| ٥٨ | ژیان طاهر احمد | |
| ٥٩ | گۆران عمر علی | |
| ٦٠ | محی الدین حسن یوسف | |
| ٦١ | صلاح شاکر | |

**پێشنیازی یاسای هەمواری دووەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بەکۆمەڵی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩**

**ماددەی (١)**

بڕگەیەك بە زنجیرە (٦) بۆ ماددەی ( یەکەم) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:-

٦- ئەوانەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)ی ئەنجامدراو لەلایەن ڕێکخراوی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) بزربوون، ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ بە مێژووی جاڕدانی بزربوونیان دادەنرێت، و گەڕان بەدوای چارەنووسیان لە ڕووی هۆیەکان و کات و مەبەستەکەی بە تێپەڕبوونی (٤) چوار ساڵ بەسەر بزربوونەکەیاندا کۆتایی هاتووە.

**ماددەی (٢)**

بڕگەی (١) لە ماددەی (هەشتەم) هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:-

١- بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار وەك ڕەسم لە بری تۆمارکردنی بەڵگەی ئەو وەفاتنامانە وەردەگیرێت کە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچن.

**ماددەی (٣)**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری و لایەنی پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٤)**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٥)**

پێویستە ئەنجومەنی دادوەری ڕێنمایی تایبەت بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (٦)**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاّوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا، جێبەجێدەکرێت.

## هۆکارە پێویستیەکان

بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاسایی و شەرعیانەی کە ڕووبەڕووی کەس و کاری قوربانیانی تاوانی لەناوبردنی بە کۆمەڵی کوردستانیان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) بوتەوە، و چونکە یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان ناتوانن چارەسەری باری تایبەتییان بکەن و بەمەبەستی کورت کردنەوەو ئاسانکاری ڕێگەی موراجەعەتی کەس و کاری قوربانیان بۆ فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.